کتێبخانەی (PDF)

# سەرکێشیەکانی

# شێرەلۆک هۆڵمز

کتێبی دووەم




نوسەر : ئارثەر کۆنان دوێڵ

وەرگێڕ : مەدینە ئەحمەد

# سەرکێشیەکانی شێرلۆک هۆڵمز

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
سالی احمد حمدی

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:
مەدینە احمد قادر


W.S.P.

# دەستەی قژ سورەکان

لە یەکێک لەڕۆژەکانی پایزی ساڵی ڕابردوو سەردانی هاوڕێکەم شێرلۆکم کرد لەماڵەکەی خۆیدا، کاتێک ڕۆشتمە ژوورەوە بینیم سەرقاڵە بەگفتوگۆکردن لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەنی قژ سوور، کەسەری بەقژە سورەکەی داپۆشرابوو، دوای ئەوەی بەڕێزەوە داوای لێبووردنم کرد خەریکبوو دەهاتمە دەرەوە، شێرلۆک بەپەلە ڕایکێشامە ژوورەوەو بەدەنگێکی نزمەوە وتی:- لەکاتێکی گونجاودا هاتویت بۆکوێ دەڕۆیت؟

ـ ترسام لەوەی سەرقاڵ بیت.

ـ بەڵێ ،بەڕاستی وام، سەرقاڵم .

ـ کەواتە دەتوانم لەژورەکەی دیکە چاوەڕێت بکەم.

ـ پێویست بەوەناکات هەرگیز.

دواتر ڕویکردە پیاوە قژ سورەکەو وتی :- بەڕێز ((ویڵسۆن)) . ئەمە بەڕێز واطسۆنی هاوڕێمە، هاوبەشی کارەکانیشمە ، دڵنیام لەوەی سوودی دەبێت لەکەیسەکەی تۆشدا .

پیاوە قژ سوورەکە بەڕێز (ویڵسۆن)، بەنیوە لەسەر کورسیەکەی هەستاو بەکڵاوەکەی سڵاوێکی لێکردم، نیگایەکی سەیرو سەمەرە لەچاوەکانیدا هەبوو.

هۆڵمز وەکو هەمیشە بەکورسییەکەی دەڕۆشتە دواوەو دەهاتە پێشەوەو پەنجەکانی لەیەک ئاڵاندبوو، لەم کاتەدا لەحاڵەتی هیوا خواستن و دەرئەنجام دایە، وتی:- ئازیزەکەم واطسۆن لەسەر قەنەفەکە ئاسوودەیی خۆت وەربگرە، من ئەزانم تۆ هاوبەشی خۆشەویستیەکانمی بۆ ئەم هەموو شتە سەیروو سەمەرانەی دوور لە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانە، ئەم هەموو خۆشەویستییەشت لەڕێگەی تۆمارەکانتەوە دەردەکەوێت ڕوونتر بڵێم ..... لە سەرکێشییەکانی منەوە.

ـــ هــاوڕێکەم ، کەیســەکانت بەشــێوەیەکی گەورە ســەرنجم ڕادەکێشێت.

ـــ بیــرمە پــێش ئەوەی دەســبکەین بەکــارکردن لەکەیســی خــاتوو ((مــاری ســذرلاند)) ، ڕاســتەوخۆ ئامــاژەم بەوەکــرد کەدەبــێ لە ژیانیــدا لێکــۆڵینەوە بکەیــن بــۆئەوەی بگەیــنە ڕاســتییە ســەیرو نامۆکــان، چــونکە هەر لەوەوە دەگەیــنە ئەنجام.

ـ ئەمە ئەوشتەیە کەئازادی دژایەتیکردنیم بەخۆم داوە.

ـــ بەڵــێ ، کــردت دکتــۆر ،لەگەڵ ئەوەشــدا ئەبــێ قەناعەتــت بەڕاو دیــــدگای مــــن هەبــــێ، ئەگینـــا یەک لەدوای یەک ڕاســتییەکان دەخەمە بەردەمــت ، دواترلــۆژیکی تــۆ مەنتقــی تــۆ لەبەردەم ئەو ڕاســتییانە پاشەکشــە دەکــات و دان بەوەدا دەنێیی کەمن لەسەر حەق بووم .

باشــە بەڕێــز جــابز ویڵســۆن، ئەم بەیــانییە بەخشــندەیی نوانــدوو وەو ســەردانی کــردوم بــۆئەوەی چیرۆکــی خــۆیم بــۆبگێڕێتەوە، دەرکەوت ســەیرترین کەیســە تــا ئێســتا گــوێم لــێ ببێــت، ئەبــێ تــۆ گوێــت لەمــن بوبێــت کە وتــومە ســەیرترین و دەگمەنتــرین کەیســەکان پەیوەســتن بەتــاوانە گەورەکــانەوە، هەنــدێک جــاریش گومانمــان لەوە هەیە کەبەڕاســتی ئەم تاوانــانە ڕویــدابێت ، هەتــاوەکو ئێســتا نــاتوانم بڕیــار لەســەر ئەوەبــدەم کەئــاخۆ ئــامە بەڕاســتی ڕوویــداوە یــاخوود نــا، بەڵام دڵنیــام ســەیرترین کەیســە کەگوێم لێ بوبێت .

دواتــر ڕوویکــردە میــوانەکەو وتــی :- بەڕێــز ویڵســۆن بەخشــــندەیی ئەنــــوێنی ئەگەر جــــارێکی دیــــکە چیرۆکەکەتمــان بــۆبگێڕیتەوە بەڕێــز ویڵســۆن، نەک لەبەر ئەوەی کەبەڕێــز واطســۆنی هــاوڕێم گــوێی لەســەرەتای چیــــرۆکەکە نەبــــوبێ ، بەڵکــــو لەبەر ئەوەی هەزاران چیرۆکــی لەم شــێوەیە دووبــارەو بەبەردەوامــی لەمێشــکمدا

ڕاوێژی پێدەکەم کاتێک دووبارە لەسەرەتاوە گوێ بیستی چیرۆکەکە دەبم .

ئەم کەیسەش تاکە لەجۆری خۆیدا، بڕوام پێ بکە لەوەی کەپێت دەڵێم .

میوانەکەمان ورگە قەڵەوەکەی بەفیزێکەوە دەرخستو شێوەیەکی لووتبەرزی هەبوو ، لەباخەڵی ناوەوەی چاکەتە بەنرخەکەی ڕۆژنامەیەکی لولی پیسی دەرکرد، لەکاتێدا ئەو سەیری ناونیشانی ناو ڕۆژنامەکەی دەکرد لەسەر ڕانەکانی ، ڕێگای هاوڕێکەمم شێرلۆک بەکارهێنا بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شێوەو ڕوخسارو جلوبەرگی بکەم ، بەڵام نەگەشتمە هیچ شتێک ، چونکە شێرلۆک لەوەدا زۆر باشتر بوو ، وەک ئەوەوابو تەنهائەم بەهرەیە بۆئەو دروستکراوە، هەموو ئەوەی هەڵیگرتبوو



ئامـــاژەی بەوەدەکـــرد کەبازرگـــانێکی ئینگلیـــزی ســـادەیە ، ئەو کەســـــێکی بەتەمەنـــــی قەڵەوو خـــــۆبەگەورە زانـــــو بێــزارکەر بــوو، پــانتۆڵێکی فراوانـــی چوارگۆشـــەی ڕەنــگ ســـپی و خۆڵەمێشـــــی لەبەردابـــوو ، وەچـــاکەتێکی ڕەش کەدرێــــــژبییەکەی دەگەشــــتە چـــــۆکی ، وەهێلەکێـــــک کەبەزنجیــری مــس داپۆشــرابوو، لەگەڵ کڵاوێکـــی ڕەســمی ، لەســـەر کورســـییەکەی تەنیشــت چــاکەتێکی قــاوەیی کــاڵ کەیەخەیەکـــی لــولی نەرمـــی پێوەبــوو دیــاربوو هـــی بەڕێــز ویڵسـۆنە، هەرچەنــدە هەوڵــم دەدا بەڵام هــیچ شــتێکی تــاییەتم تێـــدا بەدی نەدەکـــرد جــــگە لە قـــژە ســــوورەکەی، ئەو ڕوخسارە مڕومۆچەی کە هەیبوو.

وەهـۆڵمز بەتیـژی تێبینیەکـانیەوە تـوانی تێبگـات کەچـی منــی ســـەرقاڵ کـــردووە ، بەپێکەنیــنەوە ســـەری لەرانـــد کاتێــک ڕووخســــارە پرســـــیاراوییەکەی منـــــی بینــــی ، وتــــی :- هـــاوڕێکەم مـــن نەمتـــوانی هـــیچ شـــتێکم دەســـت بکەوێــت بــێجگە لەو ڕاســتیە ڕوونـــانەی کەدەریــدەخات بەڕێــز جــابز ویڵســۆن هەنـــدێک کـــاری دەســـتی کـــردووە ، وەئەو لەچــین بووە ، لەم دوایەیشدا نوسینێکی زۆری کردووە.

بەڕێــز جــابز ویڵســۆن لەکورســییەکەی دەر پەڕیــو وتـــی :- چـۆۆ توانیـت ئەم هەمـوو شـتە بزانیـت بەڕێـز هـۆڵمز؟ تـۆ چــــۆن زانیــــت کــــاری دەســــتی دەکەم ؟ ئەوەی کەوتــــت بەڕاســتی ڕاســتە دەســتم کــردوە بەکــارکردن وەکــو دارتاشــی کەشتی .

ـــ دەســتەکانت گەورەم ..... دەســی ڕاســتت لەدەســتی چەپ گەورەتــرە کـــارت پێکــردووە و ماســـولکەکانی بەشــێوەیەکی دیار گەشەی کردووە.

لەبارەی چینەوە چۆن زانیت . بەڕێز هۆڵمز؟

ئەو تــــاتۆیەی کەلەســــەر مەچەکــت دایە تــــاتۆی ماســــییەکە وەئەم جـۆرە تــاتۆییە بـێجگە لەچـین لەهـیچ شـوێنێکی دیــکە ناکرێــت ، لێکـۆڵینەوەی بچـوکم کــردووە لەســـەر شـێوەکانی

تاتۆ بۆزانیاری خۆم بۆیە ئەوەم بۆدەرکەوت کەلەچین دەکرێت ، لەگەڵ نەخشی تاتۆی ماسییەکە کەلە چین نەبێت لەهیچ شوێنێکی دیکە ناکرێت ، هەروەها کاتێک دراوی چینیەکەم بەزنجیرەی کاتژمێرەکەتەوە بینی شتەکە زۆر ئاسانتر بوو.

بەڕێز جابز بەگەرمییەوە پێکەنیو وتی:-باشە، هەرگیز پێشبینی ئەمەم نەدەکرد! لەسەرەتادا پێم وابوو کەکارێکی لێهاتوانەو بەتوانات کردووە، بەڵام ئێستا ئەبینیم کە شتێکی ئاسان بوو .

هۆلمز:- واطسۆن پێم وابێت کارێکی هەڵەیە کەمن ڕوونکردنەوە بدەم .

نەزانین والەشتەکان دەکات ناوازە دەرکەون ، ئەگەر بەردەوام بم لەسەر ڕاشکاوییەکەم ناوبانگەکەم لەدەستت دەدەم .

بەڕێز ویلسۆن ئەتوانی ناونیشانی ڕیکلامەکە بدۆزیتەوە؟

پەنچە قەڵەوەکەی لەسەر ناوەڕاستی ڕۆژنامەکە بوو وتی:-ئێستا دۆزیمەوە . ئەوەتا ، ئەوە سەرەتای هەموو شتێک بوو.... خۆت بیخوێنەوە گەورەم .

ڕۆژنامەکەمم بردو شتێکم تێدا خوێندەوە :-

((دەستەی قژ سوورەکان)) لەسەر وەسیەتی (( ئازیگیا هۆبکنز)) ی کۆچکردوو ڕایگەیاند کە ئەندامێکیان دەوێت ، بەموچەی چوار جونیەی هەفتانە بەرامبەر چەند کارێکی سادده .

(مەرجی کارکردن )هەرکەسێک کەقژێکی سووری هەیە ئەقڵو جەستەی تەندروستە و تەمەنی لە(٢١) ساڵ زیاترە دەتوانێت ناوی خۆی بنوسێت. ئەبێ بەدەستی خۆتان داوای کارکردن ببەن بۆ (دنکان ڕۆس)لەبنکەی

دەستەکە لە بینای ژمارە حەوت لەشەقامی دادگا لەنزیک شەقامی فلیت لەکاتژمێر (١١)ی رۆژی دووشەم .

دوای ئەوەی بۆدوجار ڕیکلامی کارەکەم خوێندووە هاوارم کردو، وتم :-ئەم شتە پڕو پوچانە چییە؟!

وەکو هەمیشە هۆڵمز بێزارببو لەکورسییەکەی . وتی :- مەسەلەکە دەرچووە لەخۆی وایە؟ وەئێستا بەڕێز ویڵسۆن، واز لەمەبێنەو بگەڕێوە بۆسەرەتا بۆئەوەی هەموو شتێکمان پێ بڵێیت لەسەر خۆت و خێزانەکەت ، وەکاریگەری ئەم ڕیکلامە لەسەر سەروەت و سامانت . تکایە بەڕێز واطسۆن یەکەم جار تێبییەک لەسەر ڕۆژنامەو بەروارەکەی بنوسە.



ـــــ بەڵــــێ ڕۆژنـــــامەی ((کرونکــــڵ))ی بەیانیـــــان ، وەبەرواروەکەشـــی ٢٧ ی نیســـانی ســـاڵی ١٨٩٠ ، کەدەکـــاتە دوو مانگ پێش ئێستا .

ـ زۆر باشە، وەئێستا فەرمووو بەڕێز ویڵسۆن.

بەڕێ جـــابر ویڵســـۆن بەدەم ســـڕینی تـــوێڵییەوە وتـــــی :- باشـــە، مـــن کـــاری دەلاڵـــی دەکەم ولەمەیـــدانی (کوبـــۆرگ) لەنزیـــک شـــار نوســـینگەیەکی بچـــووکم هەیە . کـــارێکی بازرگـــانی فـــراوان نیـــیە، لەم چەنـــد ســـاڵەی دوایشـــدا تەنیـــا ئەوەنـــدەم پەیـــدا کـــردووە کەبەس بـــووە بـــۆ بژێـــویم، وا ڕاهـــاتبووم لەســـەر ئەوەی کەیاریـــدەدەرێکم هەبێـــت ، بەڵام ئێســـتا دەتـــوانم یەک کەس بهـێڵمەوە. بـۆیە ئێســـتا تەنهـــا یەک کەس یاریدەدەرمە.

هۆڵمز ـ ناوی ئەویاریدەدەرە چییە؟

ــــ نـــاوی (( فنســـنت ســـبۆڵدنگە)) گەنجێکـــی منـــاڵ نیـــیە وە گـــــرانە پێشـــــبینی تەمەنـــــی بـــــکەی ، بەتەواوی دەزانـــــم کەدەتـــوانێ هەلێکـــی باشـــتر بەدەســـت بهێنێـــت و داهـــاتێکی زیـــاتر بەدەســـت بهێنێـــت لەوەی کەمـــن پێـــی دەدەم ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ڕازیـــیە بەهەمـــوو شـــتێک ، ئیتـــر بـــۆچی هانی بدەم بۆشتێکی دیکە مادام ئەوڕازییە؟

ــــ بەڵـــێ، ڕاســـتە، بـــۆچی؟ وادیـــارە تـــۆ زۆر بەبەختـــی لەبەرئەوەی کەیاریـــــدەدەرێکت هەیە ڕازیـــــیە بەو کـــــرێ کەمە لەچـــاو یاریـــدەدەرەکانی دیـــکە، ئەمەشـــتێکی بڵاونیـــیە لەنێوان یاریدەدەروکرێکارەکانی ئەم سەردەمە.

بەڕێـــز ویڵســـۆن دەســـتی بەقســـەکردن کـــردوو وتـــی:-ااەەەە، ئەوکەمـــوو کوڕیشـــی هەیە، هـــیچ کەســـێکم نەبینـــیەوە وەکـــو ئەو حەزی لەوێنەگـــرتن هەبێـــت، تەنـــانەت ئەوکاتانەشـــی کەئەبـــێ کاربکـــات ئەو خەریکـــی وێنەگـــرتنە، دواتـــر وەکـــو کەروێێشـــک لەژێـــر زەمیـــنەکە دەبێـــت بـــۆئەوەی وێنەکـــان

بشـــــۆرێتەوە ، ئەمە عەیبـــــی ســــەرەکی ئەوە ، بەڵام ئەو کارانەی کەمن پێی ڕادەسپیرم بەباشی دەیکات .

ـ هێشتا لەگەڵت کار دەکا؟

ــــ بەڵـــێ گەورەم لەگەڵ کچێکـــی بچوکیشــــدا کەتەمەنـــی (١٤)ســـاڵە خواردنمـــان بۆدروســـت دەکـــات و کـــاری پاککرنەوەمـــان بۆدەکـــا،ئەوان تەنهـــا کەســـــن کەلە ماڵەکەمدان.

مـــن کەســـێکی ســـەڵتم هەرگیـــز خێـــزانم نەبـــوە، ئـــێمە هەرســـێیەکمان بەشـــێوەیەکی ئـــارام دەژیـــن و بەئاگـــا دەبـــین لەوەی کەئەو ســـەققەی لەســـــەر ســـــەرمانە بیهێڵیـــــنەوەو دەتـــوانین قەرزەکانمـــان بـــدەین وەئەمەبەســــە ، تەنـــانەت ئەگەر هیچ شتێکی دیکەش نەکەین .

ئەم ڕیکـــــلامە یەکەم شــــتبوو کەبێـــــزاری کـــــردین ، بەجۆرێـــــک یاریـــــدەدەرەکەم پـــێش هەشـــت هەفـــتە ئەم ڕۆژنـــامەیە بەدەستییەوە بـــوو ،هـــات هـــات بۆنوســـینگەکەم ، وتـــی:- چەنـــدە هیـــوام دەخواســـت کەقـــژم ســـوور بـــوایە بەڕێـــز ویڵسۆن!



*لێم پرسی :-بۆچی ؟*

*وتـــی :-بـــۆچی؟! ئەوەهەلێکـــی کـــارە لەلایەن دەســـتەی قـــژ ســـــوورەکانەوە، ئەمەش ســـــەروەتێکی بچـــوکە بـــۆ هەر کەسێک کەبە دەستی بهێنێـت. وەئەوەشـم زانــی کە شـوێنی کـــارکردن زیـــاترە لەکەســـانی گونجـــاو، بـــۆیە ئەو وەســـێت کـــارانەی کەخـــاوەنی ســـەروەتو ســـامانێکی زۆر نـــازانن کەچـــی بەپارەکانیـــان دەکەن ! ئەگەر ڕەنگـــی قـــژم بگـــۆڕم بۆسوور ئەوە کارێکی زۆر باش هەبوو بۆئەوەی بیکەم.*

*جـــارێکی دیـــکە پرســـیارم لێکـــرودوو وتـــم :-بـــۆچی ؟کەواتە چییە؟*

*بەڕێــز هــۆڵمز مــن کەســێکم حەزم لەمــانەوەیە لەمــاڵەوە، لەگەڵ ئەوەشــدا کــارەکەم دێــت بــۆلام ئیتــر مــن ناچــار نــیم کەبـــڕۆمە دەرەوە بۆکـــارکردن، چەنـــد هەفـــتەیەک تێـــپەڕی مــن لەمــاڵەوە بــووم ، بــۆیە مــن زۆر لەبــارەی ئەوشــتانەوە نــــازانم کە لەجیهـــــانی دەرەوەدا ڕوودەدات ، وەبەهەمـــــوو هەواڵێکــیش دڵخــۆش ئەبــم بەســـەر ســـوڕماییەوە ســـەیری کردمــو وتـــی :-هەرگیـــز گوێـــت لەدەســـتەی قـــژ ســـوورەکان نەبووە؟!!*

*ـ هەرگیز.*

*ـــ شــتێکی ســـەیرە ، لەگەڵ ئەوەشـــدا هەمـــوو مەرجەکـــانی کارکردنـــت تێـــدایە، خـــۆزگەم بەخـــۆت کەقژێکـــی ســـوورت هەیە .*

*لێم پرسی:- موچەکەی چەندە؟*

*ـ چوارجونیە هەفتانە.*

*باشــــە، ئیســــتا دەتتــــوانی ببینـــی کەچـــۆن ئەم مەســـەلەیە سەرنجی ڕاکێشام.*

کـــارەکەم بەشـــێوەیەی زۆرباش کەبڵێــی پـــارەیەکی زۆرم بۆبهێنێـــت وانەبـــوو، ئەم بـــڕە پـــارەیە ســـوودێکی زۆری زۆری بۆم دەبوو.

پێم وت:- کەواتە لەبارەیەوە پێم بڵێ .

وتی:-باشە.

دواتــر ڕیکــلامەکەی پــێ پیشــاندامو وتــی:-ئەوەتــا ئەتــوانی بەچــاوی خــۆت ببینـــی کەدەســـتە شـــوێنێکی بەتاڵیـــان هەیە بۆئەنـــدامێکی نـــوێ کەکاریـــان لەگەڵـــدا بکـــات، ئەوەش ناونیشـــانەکەیە کەئەتـــوانی بڕۆیتـــو داوای کـــار پێشـــکەش بـــکەی. بەپێـــی ئەوەی بیـــزانم ئەم دەســـتەیە لەســـەر دەستی **ئازیگیـــــا هـــــۆبکنز**ی ئەمریکـــــــی دامەزراوە،، کەبەوە دەناســـرێت ڕەفتـــاری ســـەیرو نـــامۆی هەبـــووە ، وە قژیشـــی ســـوور بـــووە، بـــۆیە بەسـۆز بـــووە بـــو هەر پیاوێـــک کەقـــژی ســـوور بـــووە ،کاتێـــک مـــرد دەرکەوت کەســـەروەتێکی زۆری بەجـــــێ هێشـــــتووە لەگەڵ وەســـــێتەکەی ، داوای ئەوەی کردبـــوو کەکـــاری ئاســـان بۆپیـــاوە قـــژ ســـوورەکان دەســـــتەبەر بکرێـــــت ، بەم شـــــێوەیە کرێییەکـــــی زۆرو کارێکی بچووک.

ـــ بەڵام بەملیۆنـــان قـــژ ســـوور دەڕۆن بـــۆئەوەی داوای کـــار پێشکەش بکەن .

ـــــ بەو ژمـــــارە زۆرەش نـــــا کەپێشـــــبینی دەکەی. داواکە کـــــورتکراوەتەوە بـــــۆئەو پیـــــاوانەی کەتەمەنیـــــان گەورەیەو لەخەڵکـــــی لەنـــــدەنن، ئەم ئەمـــــریکیە کاتێـــــک گەنـــــج بـــــووە هـــــاتۆتە لەنـــــدەنەوە، بـــــۆیە ویســـــتویەتی لەڕێـــــگەی ئەوەوە چـــاکەی لەنـــــدەن بـــداتەوە، وە گوێشـــم لەوەبـــووە کەنـــابێ ڕەنگـــی قـــژەکە ســـوورێکی ڕوون یـــان تاریـــک بێـــت، بەڵکـــو دەبێـــــت ســـــوورێکی گەش بێـــــت ، ئەگەر داوای کـــــار پێشـــکەش بـــکەی دڵنیـــام وەردەگیرێیـــت بەڕێـــز **ویڵســـۆن**، بەڵام لەوەیەشـــایەنی ئەوە نەبێـــت کە خـــۆت مانـــدووبکەی و

عادەتی خۆت بگۆڕی بۆئەوەی چەن سەد دۆلارێک بەدەست بهێنێت .

لەڕاستیدا بەڕێز هۆڵمز وەکو دەیبینی ڕەنگی قژەکەم هەمان ئەو ڕەنگی قژەیە کەئەوان وەسفییان کردووە، بۆیە ئەگەر بەوشێوەیە بێت هەلی من لەهەموو کەس باشترە، وەلەبەرئەوەی **سبۆڵدنگ** زانیاری زۆری هەبوو لەسەر دەستەکە بۆیە فەرمانم پێکرد کەنوسینگەکە دابخاتو لەگەڵمدا بێت، دڵخۆش بوو بەوەی کەپشوویەک وەردەگرێت لەکارەکەی ...... بەم شێوەیە نوسینگەکەی داخستوو ڕۆشتین بۆئەوناونیشانەی کەلە ڕیکلامەکەدا هاتبوو.

دیمەنەکە بەشێوەیەک بوو کەهەرگیز ئاواتە خوازنیم کەجارێکی دیکە بیبینمەوە، هەرکەسێک قژی سووربوو لەوێ بوو ، شەقامی **فلیت** پڕ بوو لەقژ سوورەکان وەک دەسگێڕەکانی پرتەقاڵ فرۆش وابوون!! ئەگەر ئەم ڕیکلامە نەبوایە هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد کە بەو بڕە زۆرە قژ سوور هەبیت لەلەندەندا!!!

هەموو ڕەنگێکی تیابوو هەر لەڕەنگی زەردی ئەژدیهای زەردی لیمۆیی پڕتەقاڵی و سوور لەڕەنگی مووی سەگە ڕاوکەرەکانی ئێرلەندی و قاوەییەکی بەرەو سووری سووتاو و ڕەنگی کاڵو.....هتد بەڵام وەکو **سبۆڵدنگ** وتی ڕەنگی سووری گەشی ئاگراوی کەم تێدابوو.

کاتێک ئەو ژمارە زۆرەم بینی خەریکبوو خۆم بەدەستەوە بدەم، ئەگەر**سبۆڵدنگ** ڕێگر نەبوایە ، هەتاوەکو ئێستا ناتوانم ئەوە بهێنمەوە پێش چاوی خۆم کەچۆن**سبۆڵدنگ** لەنێو ئەوخەڵکە دەستی منی ڕاکێشاو پاڵی بەخەڵکەکەوە دەناهەتاوەکو منی گەیاندە لای ئەوپلیکانانەی کە بەرەو نوسینگەی خۆتۆمارکردن دەڕۆشتن، دوو کۆمەڵ خەڵکی لێبوو، کەهەندێکی بەدڵخۆشییەوە دەگەڕانەوە، هەندێکی دیکەش

بەخەمبارییەوە، ڕێگەکەمان گرتە بەر هەتاوەکو خۆمان لەنوسینگەکە بینیەوە.

کاتێک میوانەکەمان بێدەنگ بوو، شێرلۆک وتی:- ئەزمونێکی بەجۆشو خرۆشە، تکایە بەردەوام بە.

میوانەکەمان بەردەوامی دا بەقسەکانیو وتی:- لەنوسینگەکە هیچ شتێکی سرنجڕاکێشی تێدانەبوو، جگەلە دوو کورسیو مێزێکی لەتەختە دروستکراو لەدوای مێزەکەشەوە پیاوێکی لاوازی لێبوو، کەقژی لەمن سوورتر بوو!!!

هەرکەس دەهاتە سەرەوە چەند وشەیەکی پێ دەوت، وەهەموو جارێکیش کەمووکوڕی تێدا دەدۆزییەوە.

بەهەر حاڵ وادیاربوو کە بەدەستهێنانی ئەم کارە ئەوەندە ئاسان نەبوو، کاتێک نۆرەی ئێمە هات پیاوە لاوازەکە هەرکە منی بینی بەشێوەیەکی باشتر لەوانی تر مامەڵەی لەگەڵدا کردم، کاتێک ئێمە ڕۆشتینە ژوورەوە دەرگاکەی داخست.

یاریدەدەرەکە وتی:- ئەمە بەڕێز **جابز ویڵسۆنە**، ئەو ئەیەوێت ئەم کارە بەدەست بهێنێت.

وەڵامی دایەوەو وتی:- بەتەواوی ئەوگونجاوە، ئەو هەموو مەرجەکانی تێدایە، تەنانەت نازانم کەی شتێکی وا گونجاوم بینیوە!!!

دواتر هەنگاوێک ڕۆشتە دواوەو ئەوەندە سەیری کردم هەتاوەکو توشی شەرمەزاری بووم، دواتر لەناکاو بەگەرمی تەوقەی لەگەڵ کردموو پیرۆزبایی لێکردم بۆ بەدەستهێنانی کارەکە! وتی:- بێ شەرمانە ئەبێت ئەگەر کاردانەوەی هەبێت.

بەهەرحاڵ دڵنیام لەوەی کەدەمبوری بۆئەوڕێوشوێنانەی کەدەیگرمەبەر.

ئەوەی وتــو بەهەردوو دەســتی تونــد قــژی ڕاکێشــام هەتــاوەکو لەتــاو ئــازار دەستم کــرد بەهــاوارکردن ، دواتــر بەریــداو وتـــی:- فرمێســک لەچاوانتــدا بەدی دەکەم ئێســتا دەبێــت بەوشــێوەیە بێــت کەدەبــێ ببــێ، بەڵام ئــێمە دەبــێ ئاگــادار بــین، چــونکە پێشــتر دووجــار بەقــژی دەســتکردو جارێک بەڕەنگی قژ فێڵمان لێکراوە!!

دواتــر ڕۆشــتە لای پەنــجەرەکەو هــاواری کــرد بەدەنگێکــی بەرز ووتـــی:-شــوێنە بەتــاڵەکە پــڕ بــوو، ئێســتا دەتــوان بڕۆن.

هەموو خەڵکەکە لەچاوتروکانێکدا وون بوون.



*هیچ کەسێکی دیکە لەوێ نەما جگەلە*

*مـن و بەڕێـوبەر قـژ سـوورەکە. وتـی:- مـن نـاوم **دنکـان ڕوســـە**، مـــن بۆخـــۆم یەکـــێکم لەســـوودمەندبوانی ئەم بەخشـینە((المنحە))، کەگەورە بەخشـندەکەمان بـۆی بەجـێ هێشتووین.*

*تۆهاوســـەرگیریت کـــردووە بەڕێـــز **وێڵســـۆن**؟ هـــیچ خێزانێکت هەیە؟*

*بەنەرێنـــی وەڵامـــم دایەوە، یەکســـەر ڕوخســـاری گـــۆڕاو بەخەمبـارییەوە وتـی:-ئـای خـوایە، بەڕاسـتی ئەمە زۆر مەترســـیدارە! بەداخەوەم بۆبیســـتنی ئەمە، ئەم بەخشـــینە زیـاتر بـۆئەوەیە کە ژمـارەی قـژ سـوورەکان زیـادبن، بەختێکی خراپە کەسەڵت بیت.*

*خەمبـاری دایگـرتم کاتێـک گـوێم لەوەبـوو بەڕێـز هـۆڵمز، بەجۆرێـک پـێم وابـوو کەمـن گونجـاو نـیم بـۆ ئەم کـارە، بەڵام دوای چەنـد خولەکێـک بیرکـردنەوە وتـی:-هەمـوو شتێک باشەبێت.*

*کەی دەستت دەکەی بەکارکردن؟*

*وتـم :-مەسـەلەکە کەمێـک ئەسـتەمە، چـونکە مـن کـارێکی دیکەم هەیە.*

***سـبۆڵدنگ**وتـی:-بەڕێـز **وێڵسـۆن** گرنگـی بەمەمەدە ئەتـوانم لەبری تۆ کارەکانت ڕاپەڕێنم.*

*پرسیم :-کاتەکانی کارکردن؟*

***لەکاتژمێر دەبۆ دووە ، بەڕێز وێڵسۆن.***

*زۆربەی کـــات کـــاری دەڵاڵـــی لەئێوارانـــدایە بەڕێـــز هـۆڵمز،ڕۆژی پێـنچ شـەمەو هەینـیش کارمـان نیـیە، بـۆیە زۆر گونجـاو بـوو بـۆمن کە هەنـدێک پـارە لەبەیانیانـدا پەیـــــدابکەموو پاشـــــەکەوتێکم هەبـــــێ، ئەمزانـــــی کەیاریـدەدەرەکەم کەسـێکی بەتوانـایەو هەر شـتێکی بەپەلە*

بێــــتە پێشــــەوە دەتوانێــــت مــــامەڵەی لەگەڵـــدا بکـــات و چارەسەری بکات.

وتم ئەمە بۆمن زۆر گونجاوە ، ئەی موچەکەی؟

ـ چوار جونیە لەهەفتەیەکدا.

ـ وەکارکردن ؟

ـ کارێکی زۆر سادەیە ،

ـ ئەم کارە سادەیە چییە؟

ـــ باشــە ئەبــێ لەنوســینگەکە بمێنیــتەوە، بەلایەنـــی کەمەوە لەبینـــایەکە، هەمـــوو کـــاتەکە بەتەواوی ئەبـــێ بمێنیـــتەوە ، ئەگەر بـــــڕۆیتە دەرەوە کـــــارەکەت لەدەســــــتت دەدەی بۆهەمیشە،وەســـێتەکە زۆر ڕونە کاتێـــک پەیوەنـــدی بەم بـــــابەتەوە هەیە، بەمشـــــێوەیە ئەگەر لەنوســـــینگەکەت دەربچیـت لەمـاوەی ئەم کـاتەدا ئەوا یەکێـک لەمەرجەکانـت پێشێل کردووە.

وتــم:-بیــر لەچــوونەدەرەوە نــاکەم خەمــت نەبــێ، خــۆی کاتەکە چوار کاتژمێرە.

بەڕێـــز **دنکـــان ڕۆس** وتــــی:- بەهـــانەش قبـــوڵ نیـــیە، نەنەخۆشـی نەکـار نەهـیچ شـتێکی تـر، ئەبـێ لێـرە بمێنیـتەوە ئەگینا کارەکەت لەدەستت دەدەی.

ـ سروشتی کارەکە چییە؟

ـــ ئەبێـت قاموســی بەریتـانی کـۆپی بـکەی، بەرگ تێگـرەکە لە یەکەمـــین چەکـــمەچەکە دەدۆزیـــتەوە. ئەبـــێ مرەکەبـــو قەڵەمـــوو کـــاغەز بهێنیـــــی، بەڵام دەتـــوانین ئەم مێـــزەت بـــۆدەبین بکەیـــن لەگەڵ کورســـییەکیش ، بەیـــانی ئامـــادە دەبی؟

ـ بەدڵنیاییەوە.

ــ کەواتە ماڵئـاوا بەڕێـز **ویڵسـۆن** ، ڕێـگەم بـدە باجـارێکی دیـــکە پیرۆزباییـــت لـــێ بـــکەم بـــۆئەم کـــارە گـــرنگە کەبەدەستت هێناوە.

دواتــر دانەویــیەوە بــۆم وەکــو ڕێزێــک، لەژوورەکە لەگەڵ یاریـــدەدەرەکم ڕۆشـــتمە دەرەوە، زۆر دڵـــم خۆشـــبوو بەجۆرێک نەمدەزانی چی بکەموو چی بڵێم!

بەدرێژایـی ڕۆژ بیـرم لێـدەکردەوە، بەڵام لایەنـی دەروونـیم دووبـارە لەکـاتی ئێـوارەدا خراپبوو،بەجۆرێـک بەخـۆمم دەگـوت ناکرێـت ئەم کـارە قـۆڵبڕی یـان فێـڵ بێـت ، ئەوەم بەخۆم دەگوت.

سـەرەڕای ئەوەش نەمـدەتوانی هـیچ شـتێکی مـاعقولانەی لـێ بـدۆزمەوە، بڕواپینەکـراو دەردەکەوت چـونکە چـۆن دەبێت کەسێک وەستێتێکی لەم شـێوەیە بکـات یـاخود تەنهـا لەبەرامـبەر کـۆپی کردنێـک ئەوهەمـوو بـڕە پـارەیە بـدەن،**سـبۆڵدنگ** هەمـوو هەوڵـو کۆششـێکی خـۆی دەدا بۆئەوەی دڵخۆشم بکات .

لەکـاتی خەوتنـدا قەنـاعەتی ئەوەم بەخۆمـدا کە ئەم شـتانەی کەلەسـەرمدان هـیچ بنەڕەتێکـی نییە،بـۆیە بڕیـارم دا کە سبەینێ سەیرێکی بارودۆخەکە بکەم .

شوشـەیەک مرەکەبـو چەنـد قەڵەمـوو کـاغەزێکم کڕیـو بەرەو نوسینگە بەڕێ کەوتم .

باشـە، هەمـوو شـتێک بە شـێوەیە بـوو کەدەبـێ ببێـت، مێزێکیـان ئامـادە کردبـوو بـۆم، بەڕێـز **دنکـان** یـش لەوێ بـوو بـۆئەوەی دڵنیـابێتەوە کەلەکـاتی خۆیـدا گەشـتووم، یـارمەتی دام هەتـاوەکو ئەو کـاتەی کەدەسـتم بەکـارکردن کـرد دواتـر جێـی هێشـتم، بەڵام ناوبەنـاو دەهـات بـۆئەوەی دڵنیـا بێـتەوە کەکارەکـان بەشـێوەیەکی بـاش تـێ دەپەڕن. لەکـاتژمێر دووهیـوای ڕۆژێکـی خۆشـی بۆخواسـتموو دواتر نوسینگەکەی لەدوای من داخست.

بەم شـێوەیە بەردەوام بـوین بەڕێـز **هـۆڵمز** ، ڕۆژی شـەمە بەڕێـوبەرەکە هـات بۆلامـو چـوار جـونیەی پێـدام لەبەرامـبەر کارەکـانی هەفـتەی ڕابـروو، دواتـر هەمـان شـت بەردەوام بـوو بـۆ هەفتەی دواتـر، لەهەفتەکـانی دواتریشـدا هەر بەوشـێوەیە دەڕۆشـتم **لەدەی** بەیـانی **تـادووی** دوانیـوەڕۆ، بەڕێـز **دنکـانیش** هەمـوو بەیـانیەک جارێـک دەهـات بـۆئەوەی دڵنیـابێتەوە لەکارەکـان، دوای مـاوەیەک ئەو جارەشـی نەمـا، نەدەهـات، سـەرەڕای ئەوەش نەمـدەتوانی نوسـینگەکە جـێ بهـێڵم لەترسـی ئەوەی کە بەڕێـوبەرەکە نەوەک لەناکـاو بێتـو بمبینـێ ، چـونکە کـارەکە زۆر گونجـاو بـوو بـۆمن نەمدەویسـت لەدەسـتی بدەم.

هەشـت هەفـتە بەرێکـی تێـپەڕی ، کـاغەزێکی زۆرم کرِی.بـوو بەجۆرێـک رەفەکـان هەمـووی پڕببـو...... دواتر لەناکاو هەموو شتێک وەستا!!

ـ وەستا؟!!

ــ بەڵـێ ، ئەمەش وەکـو هەمیشـە کاتێـک کـاتژمێر دە دەڕۆشـتم بۆسـەر کـار ڕوویـدا، بەڵام دەرگـاکە داخرابـوو ، کـاغەزێکی بچـووک کەبەهـۆی بزمـارێکەو جێگیریـان کردبـوو بەناوەڕاسـتی دەرگـاکەوە دانـابوو، ئەوەتـا خـۆت دەتوانی بیخوێنیتەوە.

کاغەزە بچوکەکەی بەرزکردەوەو لەسەری نوسرابوو:-

((دەسـتەی قـژ سـوورەکان لەنـۆی تشـرینی یەکـامی سـاڵی ۱۸۹۰ دروستبووە)).

ڕوخسـاری ئـێمە پێکەنـین داگیـری کردبـوو، ڕوخسـاری میوانەکەشمان خەمباری داگیری کردبوو.

بەڵام منـو شـێرلۆک خۆمانمـان نەگرتـو دامـان لەقاقـای پێکەنین .

میوانەکەمان ڕەنگی ڕووخساری وەکو ڕەنگی قژی لێهاتبوو ، وتی:-هیچ شتێک نابینیم کەمایەی پێکەنین



*بێت!! ئەگەر ناتوانن هیچ شتێک بکەن ئەوا دەتوانم بڕۆم بۆشوێنێکی دیکە.*

*هۆلمز گەڕاندییەوە بۆسەر کورسییەکەیو وتی:- نا، نا، من نامەوێت کەیسەکەی تۆلەدەست بدەم بەهەر نرخێک بێت، کەیسێکی سەیرە لەشێوەیەکی تازە، بەڵام بمبورە کەپێکەنیم.*

*تکایە پێم بڵێ دواتر چیت کرد کاتێک کاغەزەکەت بینی؟*

*ــ شۆک بووم گەورەم نەمدەزانی کە چیبکەم، دواتر سەردانی ئەو نوسینگانەم کرد کەلەدەوروبەرین، بەڵام کەسیان هیچ شتێکیان نەدەزانی دەربارەی.*

*دواترڕۆشتم بۆلای خاوەن بینایەکە، ئەوژمێریار بوو لەنهۆمی خوارەوەدەژیا، پرسیارم لێکرد دەربارەی دەستەی قژسوورەکان ئاخۆدەزانێت چییان بەسەر هاتووە؟ وتی:- پێشتر هیچ کاتێک ئەو ناوەم نەبیستووە!!! کاتێک لێم پرسی ئاخۆ ناوی* ***دنکان ڕۆس****ی دەناسێت؟*

*وتی ئەوناوە بۆئەو تازەیەو پێشتر ناوی ئاوای نەبیستووە!!*

*وتم باشە ئەی ئەوبەڕێزەی لەنوسینگەی ژمارە چواربوو؟*

*ـ کێ ؟ پیاوە قژ سوورەکە؟*

*ـ بەڵی.*

*ــ ئەەەە، ناوی* ***ویلیام مۆریسە****، ئەو پارێزەرە ، یەکێک لەژوورەکانی وەکوو پشوو بەکری گرت، هەتاوەکوو شوێنێکی دیکە دەدۆزێتەوە، دوێنێ شەو ڕۆشت.*

*ـ ئەتوانم لەکوێ بیدۆزمەوە؟*

*ــ لەنوسینگە نوێیەکەی ، ناونیشانەکەی پێ وتم، ١٧ شەقامی پاشا ئێدوارد لەنزیک کڵێسای سێنت پۆڵ.*

ڕۆشتم بەڕێز هۆڵمز، بەڵام کاتێک گەشتمە ناونیشانەکە بینیم کە کارگەی دروستکردنی کەشتی دەستکردە، بەڵام هیچ کەسێک لەوێ ناوی بەڕێز **دنکان ڕۆس** یاخود **ویلیام موریس**ی نەبیستبوو!!

هۆڵمز:- ئەوکاتە چیتکرد؟

ـــ ڕۆشتم بۆماڵەکەم ەگۆڕەپانی کۆبورگ و داوای ئامۆژگاریم لە یاریدەدەرەکەم کرد، بەڵام هیچ یارمەتی نەدام تەنها دەیگووت کەچاوەڕێی پۆستە بم. بەڵام ئەم پێشنیارە ئەوەندەی باشبێت بەس نەبوو بەڕێز هۆڵمز، نەم دەویست کارێکی باشی لەو شێوەیە لەکیس خۆم بدەم، بۆیە ڕاستەوخۆ هاتم بۆلای تۆ چونکە گوێبیستی بەخشندەیی تۆبووم، ئەوەی کەئامۆژگاری دەدەی بەهەر کەسێک کەپێویستی پێیی بێت.

ـــ بەشێوەیەکی باشوو دانایانە ڕەفتارت کردووە، کەیسەکەت زۆر تایبەتو ناوازەیە دڵخۆش ئەبم کەڵێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم، بەو شتانەی کەتۆ پێت وتم ئەم مەسەلەیە بەرەو شتێکی ترسناک هەنگاو دەنێ.

بەڕێز **جابز ویڵسۆن**:-مەسەلەکە بەپێی خۆی ترسناکە، چونکە من چوار جونیەی هەفتانەم لەدەست داوە.

ـ بەڕێز **جابز** پێم وابێت تۆ لەبنەڕەتدا هیچ سکاڵایەکت بەرامبەر ئەم دەستە نائاساییە نییە، چونکە تۆهیچ شتێکت زەرەر نەکردووە بگرە بەوشێوەی کەتۆ وتت قازانجیشت کردووە.

ـــ بەڵی گەورەم بەڵام ئەمەوێت شتی زیاتر بزانم دەربارەی ئەم کۆمەڵەیەو بزانم سەرۆکەکانی کێنو ئامانجیان لەم گاڵتە جاڕییە چییە..... ئەگەر گاڵتە بوبێت ، ئەم گاڵتەیە تێچویەکی زۆری بۆیان بووەو پارەیەی زۆریان خەرج کردووە.

ـــ ئەم خاڵە شاراوانە لەبەر تۆ ڕوون دەکەینەوە، بەڵام دەمەوێت هەندێک پرسیارت لێ بکەم بەڕێز **جابز**، یاریدەدەرەکەت کەڕیکلامەی بۆت هێنا لەکەیەوە لەگەڵت کار دەکا؟

ـ لەوکاتادا مانگێک بوو.

ـ چۆن هات بۆلات؟

ـ بەبۆنەی ڕیکلامەوە.

ـ تەنها کەس بوو کەداوای کاری پێشکەشکرد؟

ـ نا، چەندین کەس داوایان پێشکەشکرد .

ـ بۆچی ئەوت هەڵبژارد؟

ـ لەبەرئەوەی باش بوو، وەکرێییەکی کەمی وەردەگرت.

ـ بەڵکوو نیوەی کرێ.

ـ بەڵێ.

ـ شێوەی چۆنە ئەمەی کەناوی **فنسنت سبۆڵدنگە؟**

ــ لاواز، جەستەیەکی بەهێز، جوڵەکانی زۆر خێرابوون، تەمەنی کەمتر نییە لەسییەکان ، لەسەر توێڵی هەندێک ئاسەواری سپی کەهی سووتانێکی کۆنە لەسەری بوو.

هۆڵمز هەستا لەشوێنی خۆی بەکاردانەوەیکی ڕوونەوە وتی:- هەر ئەمەبوو کەپێشبینیم دەکرد ، هەستت کردووە کەگوێیەکانی کوون بن؟

ــ بەڵێ گەورەم، وتی کەقەرەچێک بۆی کوون کردووە کاتێک کەمنداڵ بووە.

هۆڵمز دووبارە نقومی بێدەنگییەک بوو ، وتی:- ئایا هێشتا لەگەڵت کار دەکا؟

ـ بەڵێ گەورەم ، کەمێک پێش ئێستا جێم هێشت.

ـــ ئایـا کارەکانـت بـاش دەرچوو کاتێـک ئەولەجـێگەی تۆبوو؟

ـــ هیچ شتێک نییە کەمایەی گومـان بێـت، ئەسڵەن خـۆی کارەکە لەبەیانیاندا زۆر کەمبوو.

ـــ ئەوەنـدە بەسـە بەڕێـز **جـابز ویڵسـۆن**، دڵخـۆش ئەبـم کەڕای تـایبەتی خۆمـت پـێ بڵـێم لەمـاوەی یەک بـۆدوو ڕۆژ، ئەمـڕۆ شـەمەیە هیـوادارم کەڕۆژی دووشـەم بگەیـنە دەرئەنجامێک.

* * *

کاتێـک میوانەکەمـان ڕۆشـت هـۆڵمز وتـی:- باشـە واطسـۆن لەوشتانەی کەبیستت گەشتیتە هی دەرئەنجامێک؟

بەڕاشـــکاوی وەڵامـــم دایەوەو وتـــم :- نەگەشـــتمەهیچ دەرئەنجامێک ، کەیسەکە زۆر شاراوەیە.

ـــ یاسـاکان ئامـاژە بەوەدەکەن ئەوشـتانەی کەزۆر نـامۆو سـەیرن دواتـر ئەوەمـان بۆدەسـەلمێنن کەشـاراوەییان کەمتـرە،ئەو کەیسـانی کەزۆر ئاسـایی دەردەکەون لەڕاسـتیدا ئـاوانە زۆر سـەرنج ڕاکێشـتروو نـاوازەن، بەتەواوی وەکـو ئەو ڕووخسـارانەی کەشـێوەیەکی ئاسـاییان هەیە بەڵام زۆر نـاوازەن. باشـە ئەبێـت ئێسـتا ئەم کەیسە بەپەلە چارەسەربکەم.

ـ کەواتە بەتەمای چی بکەی؟

ـــ گـالیۆنەکە سـەرەتا (( گـالیۆن -سـەبیڵ،لەکۆندا بەهـۆی ئەوەوە جگەرەیـان دەکێشـا))، ئەم کەیسـە پێویسـتی بەوەیە کەسـێ گـالیۆن بکێشـی ، بـۆیە تکـات لێـدەکەم کەبـۆ پەنجـا خولەک قسەم لەگەڵدا مەکە.

هـۆڵمز لەسـەر کورسـییەکەی دانیشـتوو کەمێـک سـەری بۆخـوارەوە نـزم کـردەوەو، هەردوو قـاچە لاوازەکـانی

بەرەو گوێیەکـــانی هێنـــا، بەچـــاوی داخراویـــو گـــالیۆنە ڕەشەکەیەوە،



پـــێم وابـــوو ئەومانـــدوو بـــووە ، بەڵام لەڕاســـتیدا خـــۆم مانـــدوو ببـــوم، لەناکـــاو، لەســـەر کورســـییەکەی دەرپەڕیـــو ئامـــاژەی بەوەدەکـــرد کەگەشـــتۆتە ئەنجامێـــک ، دواتـــر گـالیۆنەکەی لەســـەر ڕەفەکە دانـاو وتـــی:-ساراسـیت لەهۆڵی سـێنت جەیمـس دوانیـوەڕۆی ئەمـڕۆ مۆسـیقا دەژەنێـت ئەوەدەزانی؟تـــۆ پێـــت چـــۆنە واطســـۆن؟پێم وابێـــت نەخۆشـــەکانت دەتـــوانن بۆچەنـــد کاتژمێرێـــک وازت لـــێ بێنن؟

ـــ ئەمـــڕۆ هـــیچ کـــارێکم نیـــیە بـــیکەم ، خـــۆی هەر نۆڕینگەکەم زۆر لەکاتم نابات.

ـــ کەواتە کـــڵاوەکەت لەســـەر بـــکەو وەرە لەگەڵـــم، یەکەم جـــار دەڕۆم بۆناوەڕاســـتی شـــار، ئەتـــوانین نـــانی نیـــوەڕۆ لەسەر ڕێگا بخۆین .

لەبەرنـــامەی هـــۆڵەکە تێبینـــی مۆســـیقاییەکی زۆری ئەڵمـــانی دەکەم ئەمەش زۆر گونجـــاوە بـــۆمن. وەک لەمۆســـــیقای ئیتـــاڵیو فەڕەنســـی، مۆســـیقای ئەڵمـــانی وات لێـــدەکات زیـــاتر بیـــربکەیتەوە ئەمەش ئەوشـــتەیە کەمـــن دەمەوێ بـــیکەم، دەی وەرە.شـــەمەنەفەرەکەمان گـــرت هەتـــاوەکو گەشـــتینە شـوێنی مەبەسـت، دواتـر کەمێـک بەپـێ ڕۆشـتین هەتـاوەکو گەشـتینە گۆڕەپـانی کۆبـورگ، سـەکۆی ئەوڕوودوانە بـوو کەئەمـــڕۆ گوێمـــان لێبـــوو. شـــوێنێکی بچـــوکی تەســـکی تەقلیـدیو شـوێنێکی ڕاقـی بـوو، پێـک هـاتبو لەچـوار ڕیـز خـــانوو خانووەکـــانیش بەبەرد دروســـتکرابوو، گیـــایەکی ناشرینیشـــــــــی لـــــــێ دەڕوا،کـــــــۆمەڵێکی کەم لەداری غـــار،لافیتەیەکی ئـــاڵتوونی ســـێ تۆپـــو تـــابلۆیەکی قـــاوەیی کەلەســـەری نوســـرابوو بەڕێـــز **جـــابز ویڵســـۆن** ڕێنـــوێنی دەکردین.

شـــێرلۆک لەبەردەمیـــدا وەســـتابوو بێگومـــان وەکـــو هەمیشـــە لێکـــۆڵینەوەی خـــۆی دەکرد،دواتـــر لەســـــەر خۆڕۆشـــت

*بۆسەرەوەی شەقامەکە. دواتر گەڕایەوە، دووبارە بەوردیو تێژبییەوە سەیری ماڵەکانی دەکرد، دواتر لەکۆتایدا گەڕایەوە بۆدوکانی بەڕێز* ***جابز ویڵسۆن*** *،دوای ئەوەی دووبۆ سێ جاربە گۆچانەکەی کێشای بەزەویدا لەدەرگای بەڕێز* ***جابز ویڵسۆنی*** *دا ، بەپەلە گەنجێگ دەرگاکەی کردەوەو بانگهێشتی کرد بەرەو ژوورەوە.*

*هۆڵمز سوپاس، بەڵام ئەمەوێت بزانم کەچۆن لێرەوە بڕۆم بۆشەقامی ستراند؟*

*یاریدەدەرەکە بەخێرایی وەڵامی دایەوەووتی:-بڕۆ بۆشەقامی سێ لەلای ڕاستەوە ، دواتر بەلای چەپدا بڕۆ بۆچوارەم.*

*دواتر دەرگاکەی داخست، کاتێک دوورکەوتینەوە شێرلوک وتی:-کەسێکی زیرەکە بەپێی بڕوای من*



چوارەم کەسی زیرەکە لەلەندەندا، لەوەیە سێیەمیش بێت، پێشتر زانیاریم هەیە لەسەر ئەم کەسە.

وتم:-ئەمە ڕوونە ، لەبەرئەوەی یاریدەدەرەکەی بەڕێز **ویڵسۆن** بەشێکی گەورەیە لەم مەتەڵە، دڵنیام تۆ بەس بۆبینینی ڕۆشتی .

ـ ئەونا.

ـ کەواتە چی؟

ـ سەرچۆکی پانتۆڵەکەی .

ـ ئێ چیت بینی؟

ـ ئەوەم بینی کەپێشبینیم دەکرد.

ـ بۆچی لەسەر ڕەسیفەکە وەستای؟

ـ دکتۆری ئازیز، ئەمە کاتی تێبینیە نەک کاتی قسەکردن،ئێمە ئێستاوەکو ئەوەی کە دەیبینی دووسیخوڕین لەسەر زەوی دوژمن. ئێمە شتێکمان پێیە دەربارەی مەیدانی کۆبورگ ، ئەو شەقامەی ئێمە خۆمان تێدا بینیەوە وەکو جیاوازی نێوان وێنەو ڕووخسار وابو، ئەوەندە جیاواز بوو لەیەک، یەکێک لەڕێگا سەرەکییەکان دووڕیز گالیسکەی لێبوو یەکێک لەڕیزەکان بەرەو دەرەوە دەڕۆشت یەکێکی دیکەش بەرەو ناوەوە، لەکاتێکدا شەقامە پیادەکە پڕبوو لەحەشدێک لەپیاوە خێراکان کە دەڕۆشتنو دەهاتن لەشەقامەکە بەخێرایی، وەلایەکی دیکەی گۆڕەپانیش شوێنێکی ڕاقیو باڵەخانەو بینای گەورەی لێبوو ، بەڕاستی ئەستەم بوو کە بڕوابەوە بهێنین هەردوولای گۆڕەپانەکەهەمان شوێنە.

هۆڵمز لەلایەکی گۆڕەپانەکە وەستابوو و بەباشی سەیری ڕیزی بینایەکانی دەکرد وتی:- بابەباشی سەیر بکەین

واطسۆن ، ئەمەوێت هەموو شتێکم وەکو خۆی لەبیر بێت .لەئارەزووەکانی منە کەلەندەن بەباشی بزانم و هەموو کوچێکی شارەزا بم ،




ئەوەتا ئەوە **مۆرتیمری** توتن فرۆشە، ئەوەش دووکانی ڕۆژنامە بچووکەکانە، دواتر لقێکی بانکی ((شارو دەوروبەری))، دواتریش چێشتخانەی ڕووەکیو دووکانی ماکفیرلینی گالیسکە دروستکەر، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەمانبا بۆ بینایەکان، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە کەهەندێک

خۆشـــی ببینـــین ، بـــالەفەو قـــاوە بخـــۆین دواتـــریش دەچـــین بـــۆ زەوی کەمانەکـــان بـــۆئەوەی لەوێـــدا ئـــارام ببینـــەوە، هـــیچ کەسـێکی قـــژ سـوور لەوێـدا نیـیە بـۆئەوەی بەمەتەڵە بێـزار کەرەکانیانەوە بێزارمان بکەن.

هـــاوڕێکەم مۆســـیقا ژەنێکـــی بەجـــۆش بـــوو، بەجۆرێـــک تەنهـا ژەنیـارێکی بەتوانـا نەبـوو بەڵکـو نوسـەری مۆسـیقاش بـــوو ، بـــۆیە بەدرێژایـــی دوانیـــوەڕۆ لەلەکورســـییەکانی پێشـــەوە بـــوو ،پەنـــجە لاوازەکـــانی لەگەڵ ئاوازەکـــادا دەجوڵانـــــد، ڕووخســـــاری بەزەردەخەنەیەکـــــی نەرم داپۆشـــرابوو جیـــاواز لەکاتەکـــانی دیـــکە کە چاوەکـــانی



بەدوای تاوانباراندا بوو.هۆڵمز کەسێکی تێژ بین بوو ، تێگەشتن لەکەسەیانی هۆڵمز کارێکی ئەستەم بوو، وردبینیەکی بێ کۆتاو زیرەکییەکی بێ وێنەی هەبوو،

بەباشی ئەوەدەزانم کەئەو ترسێنەر نابێت بێجگە لەو کاتەی کەلەسەر کورسییەکەی دانیشتووەو نوقمی بیرکردنەوەیە لەکارەکانی.

دواتر لەناکاو ئارەزوی ڕاوەدوونان و لێکۆڵینەوەی بۆدێت بەئاستێکی کوێرانە تەنانەت ئەو کەسانەی کەشارەزای ڕەفتاری نین و نایناسن وادەزانن کەهێزێکی هەیە هیچ کەسێکی دیکە نیەتی !!!

بۆیە کاتێک دوانیوەڕی ئەمڕۆ لەهۆڵی سێنت جەیمس بینیم ، هەستم کرد کەئەوکەسانەی کەبەدواییەوەیەتی کاتێکی زۆری پێ دەچێ و کەیسێکی ئەستەمە.

کاتێک دەرچووین شێرلۆک وتی:-پێم وابێت تۆئەتەوێت بگەڕێیتەوە ماڵەوە واطسۆن؟

ـ بەڵێ ،ئەوە شتێکی باشە بێت.

ــ منیش چەند کارێکم هەیە کەدەبێت بیکەم، کەیسی گۆڕەپانی کۆبورگ زۆر مەترسیدارە.

ـ بۆچی مەترسیدارە؟

ــ نیەتێک هەیە بۆکردنی تاوانێکی گەورە دکتۆر،چەندین هۆکاری بەهێزم هەیە کەوام لێدەکات بڵێم لەکاتی خۆیدا دەگەمە جێگە بۆئەوەی ڕێگری لێبکەم.

ـ چ کاتێک؟

ـ کاتژمێر دە بەتەواوی زۆر گونجاوە.

ـ کاتژمێر دەلە شەقامی بەیکەر دەبم.

ـــ زۆر باشــە دکتــۆر، ئەمەوێــت پێــت بڵــێم کەمەســەلەکە هەنــدێک ترســناکە، بــۆیە ئەمەوێــت بەخشــندەیی بنوێنیتــو چەکێک لەگەڵ خۆت بهێنی .

دواتــر بەدەســتی ئامــاژەیەکی بۆکردمــوو لەناوەڕاســتی ئاپۆڕاکە ونبوو.

مــن ئەوەنــدەش گەمــژەنیم بەڵام هەمیشــە هەســت بەخەمبــاری دەکەم کاتێــک لەگەڵ شــێرلۆکدا کــات بەســەر دەبەم، چــونکە ئەوەم بینــی کەئەو بینــی ،ئەوەشــم بیســت کەئەو بیســتی ، تەنــانەت ئەوڕونــی کــردەوە کە نازانێــت جی ڕویداوە بەڵام دڵنیایە لەوەی کەشتێک ڕوودەدات.!!!

لەکاتێکدا کەیسەکە هێشتا بۆمن نامۆو ئاڵۆزبوو.

کاتێــک بەرەو مــاڵەوە ڕۆشــتم بیــرم لەهەمــووی کــردەوە هەر لەو چیــرۆکە ســەیرەی لە کــۆپی کردنــی قاموســی قــژ ســـوورەکە هەتــاوەکو کــاتی گەشــتنمان بەگۆڕەپــانی کۆبــورگ تەنــانەت ئەو قسانەشــی کەشــێرلۆک پێــی وتــم پــێش ئەوەی بەجــێم بهێڵێــت .... ئەم ســەردانە چیــیە؟ بــۆچی ئەبــێ بەچەکەوە بــڕۆم ؟بۆکــوێ بــڕۆین؟ چــی بکەین؟

لەڕێــگەی ئاماژەکــانی شــێرلۆک بــۆم دەرکەوت کەیاریــدەدەرەکەی بەرێــر **جــابز** کەســێکی ترســناکە، پیاوێــک کەدەکرێــت یــارییەکی ترسناک بکــات، هەوڵــم دەدا کەکــۆدی ئەم مەتەڵە بــدۆزمەوە بەڵام هەر زوو خــۆم بەدەســتەوە دا بەهــۆی ماندوییەتیەوە، بڕیــارم دا کەچــاوەڕێی هــاوڕێکەم بــکەم چــونکە هەمیشــە شــەوگار ڕوونکردنەوەی هەیە بۆ هەموو شتێک.

* * *

کانژمێر نۆبوو کاتێک کەماڵەوەم بەجێ هێشت دواتر پارکەکەم تێپەڕاند دواتر شەقامی ئۆکسفۆرد هەتاوەکو گەشتمە شەقامی بەیکەر وبینیم کە دووگالیسکە لەبەردەم مەڵەکەماندایە، کاتێک ڕۆشتمە ژوورەوە گوێم لەچەند دەنگێک بوو کەلە نهۆمی سەرەوە دەهات، کاتێک ڕۆشتمە ژوورەوە بینیم شێرلۆک خەریکی گفتوگۆکردنە لەگەڵ دوو پیاودا یەکێکیان بەڕێز **بیتەر جۆنزی** بریکاری پۆلیسبوو، ئەوەکەی دیکەش پیاوێکی لاوازی باڵابەرز بوو کە کڵاوێکی ڕەسمی لەگەڵ چاکەتێکی درێژی شیک پۆش کەهەتاوەکو چۆکەکانی بوو، هۆڵمز بەدەم داخستنی چاکەتی پیاوە باڵا کورتەکەوە وتی :- کۆمەڵەکەمان کامڵ بوو، واطسۆن پێم وابێت **بەڕێز جۆنز** دەناسی کەلە پۆلیسی بەریتانیایەو بریکاری پۆلیسە ،بابە بەڕێز **مریزۆرت** بناسێنم کەهاوبەشمانە لە سەرکێشییەکانی ئەمشەو.

**جۆنز** بەشێوەیەکی بەرز وتی:-ئەم جارەیان پێکەوە بەدوای تاوانباران دەکەوین بەڕێز واطسۆن، هاوڕێکەمان وەکو دەبینی بەتوانایە لەڕاوەدوونانی تاوانباراندا، هەموو ئەوەشی کەپێویستێتی سەگێکی پیرە بۆگرتنی نێچیرەکەی.

بەبێزارییەوە بەڕێز **مریزۆر** وتی: هیوا ئەخوازم لەکۆتایی ڕاوکردنەکە پشیلەیەکی کێوی نەدۆزینەوە.

پیاوە پشکنەرەکە بەدەنگێکی بەرزەوە وتی:- ئەتوانی متمانە بەبەڕێز هۆڵمز بکەی گەورەم ، چەندین شێوازی ڕەفتاری هەیە، هیوادارم ئاسایی بێت بەلایەوە کەبڵێم ڕەفتارەکانی وەک، بیردۆز وان، کە ئامرازێکی پشکنەرانەی هەیە، زیادەڕۆی نییە ئەگەر بڵێم پێشتر جارێک بۆدووجار سەرکەوتووە بەسەر پۆلیسدا وەکو ئەوەی لە تاوانکاری کوشتنی سۆڵتۆ ڕوویدا.

بێگانەکە بەڕێزەوە وتی:- ئەگەر ئەمە ڕای تۆبێت کەواتەهیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام ئەگەر پێت وابێت کەرۆڵی کارت ببینم ، ڕۆژی شەمە ئەبێتە ٢٧ **ساڵ** کەیاری کارتم نەکردووە.

هۆڵمز:-بەلای تۆوە گرەوەکە نزیکەی **٣٠ هەزار** جونیە دەبێت بەلای تۆشەوە **جۆنز** ئەو کەسە دەبێت کەهیوات دەخواست دەستگیری بکەی.

**جۆن کلای** دزو قۆلبرو پیاوکوژو تێکدەرو ساختەچییە. ئەو گەنجێکی بچوکە بەڕێز **مریزۆر** بەڵام سەرۆک لەکارەکەیدا، پێم باشترە ئەو دەستگیر بکەم وەک هەر تاوانبارێکی دیکە لەلەندەندا، باپیری **جۆن کلای** دۆقێکی شاهانە بووە خۆشی لەزانکۆی ئۆکسفۆردوو ئیتۆن بووە، سەرەڕای ئەوەی کە شوێنەواریمان دەبینی بەڵام هەرگیز شوێنیمان نەدەزانی ،هەڵی دەکوتایە سەر یەکێک لەماڵەکان لەسکۆتلەنداو هەفتەی دوای ئەوە پارەکەی کۆدەکردەوە بۆ دروستکردنی خانەی بێ سەرپەرشتاران لەکۆرنۆڵ!

بۆچەندین ساڵ بەدوایەوە بوم بەڵام هەتاوەکو ئێستا نەشم توانی بیبینم.

هۆڵمز:-هیوادارم ئەمشەو بەخت یاوەرم بێتو بەیەکترتان بناسێنم ،لەگەڵ بەڕێز **کلای** یەک دوو گەڕانمان کردووە، هاوڕام لەگەڵتدا کەئەوسەرۆکە لەکارەکەی خۆیدا. بەهەر حاڵ کات لەدە تێپەڕیو ئێستا کاتی کارکردنە،بەخشندەیی بنوێننو سواری یەکام گالیسکا ببنو منو واطسۆنیش سواری دووەم گالیسکە دەبین.

***

شێرلۆک لەڕێگای درێژدا ئارەزووی قسەکردنی نییە،لەدوای گالیسکە بەکرێ گیراوەکە بیری لای

ئاوازەکانی دوانیوەڕۆبوو، گالیسکەکە بەبێ وەستان بەشەقامە ڕوونەکە دەڕۆشت هەتاوەک، گەشتینە شەقامی **فارنگتۆن**.

هاوڕێکەم وتی:- ئێستا نزیک بوینەتەوە، بەڕێز **مریزۆر**سەرۆکی بانکەو بەتایبەت گرنگ بوو بەلایەوە کەلەم کەیسەدا بەشداربێت،وەکو دەبینی **جۆنزیشمان** لەگەڵە، ئەو کەسێکی خراپ نییە،بەتەواوی گەمژەیە لەکارەکەیدا ، بەڵام تەنها یەک لایەنی باشی هەیە ئەویش ئەوەیە کەبوێرە وەکو سەگی ڕاوکەر وە لەڕقیشا وەکو سەرەتانی دەریا وایە کاتێ لەگەڵ کەسێکدا گیردەبێ،ئەوەتا گەشتین ئەوان چاوەڕێی ئێمەن،گەشتینە هامان شوێنی قەرەباڵغو جەنجاڵ کەدوێنێ لێی بوین،گالیسکە بەکرێ گیراوەکان ڕۆشتنو ئێمەش شوێن ئاماژەکانی بەڕێز **مریزۆر** کەوتین،بەرەو خوارەوە لەڕێگەی دەرچەیەکی تەسکەوە دەڕۆشتینە خوارەوە دواتر دەرگاکەی بۆکردینەوە،دواتر هەیوانێکی بچووک هەبوو کەدەرگاکەی لەئاسن دروستکرابوو ئەوەشی بۆکردینەوە،ڕێنوێنی دەکردین بۆ پلیکانە ئاسنەکان کە لەدەرگاکەی دیکە کۆتایی پێدەهات،بەڕێز **مریزۆر** وەستا بۆئەوەی ڕوناکییە دابگرسێنێت، کاتێک بەڕاڕەوەکەدا دەڕۆشتین و دەرگای سێیەمی کردەوە بۆنی زەوی دەهات.هەتاوەکو گەشتینە ژێر زەمینەکە کەژێر زەمێکی فراوان بوو، سوندوقو دەستکێشی گەورەی تێدابوو هۆلمز ڕوناکییەکەی بەررز کردەوەو وتی :- ناتوانم لێرە لەم سەرەوە بەئاسانی بڵاوەتان پێ بکەم .

بەڕێز **مریزۆر:-** هەروەها لێرەش لەخوارەوە.



*ئایخوایە ئەوەدەنگێک دەردەکات گوێتان لێیە .*

*هۆڵمزبەشێوەیەکی زۆر جدی وتی:-بەڕاستی ئەبێ داوات لێبکەم کەبێدەنگ بی تکایە،سەرکەوتنی کاراکامان بەرەو مەترسی ئەبەی . تکات لێدەکەم کە بەخشندەیی بنوێنیتو لەسەر یەکێک لەسندوقەکان دانیشیت.......بەڕێز **مریزۆر** لەسەر یەکێک لەسندوقاکان بەبێزارییەوە دانیشت.... لەلایەکی دیکەشەوە شێرلۆک لەسەر چۆک لەزەوییەکەوە نزیک*

بــــويەوەو بەزەڕەبیـــــنەوە لێکـــۆڵینەوەی لەســـــەر کونـــو کەلەبەری زەویـیەکە دەکـرد.، تەنهـا چەنـد سـانیەیەکی بـرد بەشـێوەیەکی تـۆقێنەر هەسـتایە سـەر پێـو زەڕەبیـنەکەی خســـــتە گیرفـــانیەوە ووتـــــی:-بەلایەنـــــی کەمەوە یەک کاتژمێرمــان لەبەردەســتە،ناتوانن هـیچ کارێـک بـکەن هەتـا بەڕێـــز **ویلســـۆن** دەخەوێـــت ، دواتـــر یەک ســـانیەش بەهەدەر نــــــــادەن یەکســــــــەر دەســـــــت دەکەن بەکارەکەیـــان،بۆئەوەی کـــاتی زیاتریـــان بـــۆبمێنێتەوە بـــۆ ڕاکـردن ،دکتـۆر پـێم وابێـت تێبینـی ئەوەت کـرد کەلە ژێـر زەمینـەکە لقێکـی شـارەکەی تێـدایە کەهـی یەکێـک لەبـانکە ســـەرەکییەکانی لەنـــدەنە،وەبەڕێز **مریـــزۆر** بەڕێـــوبەری هەمـوو لقەکـانە، بـۆت ڕوون دەکـاتەوە کەبـۆجی تاوانبـاران ئەم ژێرزەمینەیـان بەلاوە گـرنگە لەکـاتی ئێسـتادا، بەڕێـو بەرەکە بەچـــپەوە وتـــی:-ئەوە ئـــاڵتونە فەرەنســـییەکەمانە، ئاگاداریمـان پـێ گەشـت کەیەکێـک هەوڵ دەدات بـۆدزینی ئاڵتونەکە.

ـ ئاڵتونە فەڕەنسییەکەتان؟

ـــ بەڵـێ ، پـێش چەنـد مانگێـک بـۆئەوەی کاڵاکانمـان بەرز بکەیـــنەوە توانیمـــان ســـی هەزار پـــارچە ئـــاڵتون بەقەرز لە بـانکی فەڕەنسـا بهێنـین، ئەوەش بڵاوبـویەوە کەئـێمە هێشـتا ئاڵتونەکەمـــان بەکارنەهێنـــاوەو هێشـــتا لەژێـــر زەمیـــنەکەیە، ئەو سـندوقەی کەئێسـتا مـن لەسـەری دانیشـتووم دووهەزار پـــارچە ئـــاڵتونی تێـــدایە، ئـــێمە یەدەگێکـــی زۆرمـــان هەیە بۆیە ئەمەش بەڕێوبەرەکانی ترساندووە.

هـۆڵمز:-وەئەم ترسـەش بیـانوی زۆرە ، ئێسـتا کـاتی ئەوەیە پـیلانە سـادەکەمان جێبەجـێ بکەیـن وەکـو ئەوەی پێشـبینیم کـــرد دەبێـــت لەمـــاوی یەک کـــاتژمێردا بگەیـــنە مەبەست،ئێســـتا ئەبێـــت ڕووپۆشـــێک بـــدەین بەســـەر ڕووناکییەکان **بەڕێز مریزۆر**.

ـ لەتاریکیدا دانیشین.

ـــ بەڵـــێ، پـێم وابێــت ئامادەكارییەكـــانی دوژمــن گەشــتۆتە ئاســـتێكی دوور كەئاســـتامە بەبـــوونی ڕوونـــاكی خۆمـــان بخەیـنە مەترسـییەوە. پێش هەمـوو شـتێك ئەبێت شـوێنی خۆمـان دیـاری بكەیـن ، ئـێمە مـامەڵە لەگەڵ چەنـد پیاوێـك دەكەیـن كە توانـایەكی زۆریـان هەیە، ئەگەر ئاگـادار نەبـین ئەكریـــت ئازارمـــان بـــدەن، لەپشـــت ئەم ســـندوقە خـــۆم دەشـــارمەوە ئێـــوەش لەپشـــت ئەوكـــۆمەڵە ســـندوقە خۆتـــان بشـــارنەوە، كاتێـــك بەڕونـــاكییەكە ســـەرنجیان ڕادەكێشـــم ئێـــوەش لەدواوە هێـــرش بـــكەن، ئەگەر دەســـتیان كـــرد بەتەقەكردن تۆش بیكە واطسۆن.

لەپشـــت ئەوســـندوقانەی كە خـــۆم شـــاردبوەوە دەمانچەكەشـــم بەرزكردبـــــوەوە، هـــــۆڵمزیش ڕووپۆشـــــێكی دابەســـــەر ڕوونـــــاكییەكەو لەتـــــاریكیەكی قوڵـــــدا بوین،تـــــاریكییەك كەپێشــــــــتر نەمدیبوو،هەرچەنــــــــدە كەڕوونــــــــاكییەكە كوژرابـــوەوە ئامـــادەبوو بـــۆئەوەی ڕوونـــاكببێتەوە لەهەر كاتێك .

هـــۆڵمز بەچـــپەوە وتـــی:-تەنهـــا یەك دەرچەیـــان هەیە ئەویـــــش گەڕانەوەیە بۆمەیـــــدانی كۆبورگ،هیـــــوادارم ئەوەت جێبەجێ كردبێت كەپێم وتی بەڕێز **جۆنز**.

ـ چەند پیاوێكی پۆلیس چاوەڕوان دەبن خەمت نەبێت.

كەواتە هەمـوو پەنجەرەیكمـان لێگرتـوون ئێسـتا تەنهـا ئەوە ماوە كەچاوەڕێیان بكەین.

كـــــات بەلەســـــەرخۆییەكی زۆرەوە تێـــــدەپەڕی، هەمـــــوو ئەومـاوە تەنهـا چارەكێـك لەكـاتژمێر تێپەڕیبـوو، لەكاتێكـدا پێم وابوو شەو تەواو بوەو بەرەبەیان وادێت .

جەســـــتەم مانـــــدووبوو چـــــونكە وەك چـــــۆن خـــــۆم حەشـــاردابوو هەر بەوشـــێوەیە بـــووم و نەجوڵابـــووم، زۆر پەشـــۆكاوبوم ، بیســـتنم ئەوەنـــدە چـــالاك بـــوو نەك تەنهـــا گـــوێم لەدەنگـــی هەناســـەكانی خۆشـــم بەڵكـــو گـــوێم لەدەنگـــی

هەناسە قورسەکانی بەڕێز **جۆنزو** هەناسە پچڕەکانی بەڕێوبەرەیش بوو، لەسەرەوەی سندوقەکان دەمتوانی بەڕونی زەوییەکە ببینم ،لەناکاو ڕووناکیەک دەرکەوت!!

لەسەرەتادا جگە لەڕووناکی زەوییەکە هیچی ترنەبوو، دواتر لەژێر بەردێکی زەوییەکە دەستێک دەرکەوت!!!

دەستێکی سپی دەرکەوت کە دەستی لەڕووناکییەکە دەدا، بۆماوەی خولەکێک یا دوو خولەک بەردەوام بوو، وەک چۆن دەستەکە دەرکەوت بەوشێوەیەش دیارنەما، دوای خولەکێک یەکێک بەردەکانی بەرزکردەوە بۆئەوەی دەرچەیەکی فراوان دروستبکات بەلادانی بەردی زەوییەکەو دواتر سەری کەسێک دەرهات لەچاڵەکە.

بەجۆشو خرۆشییەوە سەیری دەوروبەری دەکرد ، دواتر دەستی لەلێواری چاڵەکە دانا‌و خۆی ڕاکێشایە سەرەوە هەتاوەکو شانەکانی دەرکەوتن ، دواتر کەمەری، دواتر لەکۆتایدا چۆکەکانی لەسەر زەوییەکە دانا دوای ساتێک هاوڕێیەکی قژ سووری ڕاکێشا بەرەو سەرەوە.بەچپەوە وتی:-شوێنەکە بەتەواوی چۆڵە جانتات پێیە؟ئای خوایە!!

بازبدە....**ئارچی**، بازبدەو هەوڵ دەدم شوێنت بکەوم.شێرلۆک هەستاو یەخەی گەنجەکەی گرت، ئەوەکەی دیکە لەخوارەوەی چاڵەکە بوو ،دواتر گوێم لەدڕانی قوماشێک بوو کاتێک **بەڕێز جۆنز** لایەکی ڕاکێشابوو، ڕووناکییەکە لەسەر لولەی دەمانچەکە دەدرەوشایەوە، دەمانچەکە بەهۆی بەیەک ئالانیان بەیەکدیدا کەوتە سەرزەوی.

هۆڵمز بەئارامییەوە وتی:-ئەمە سوودی نییە **جۆن کلای** هیچ هەلێکت نییە.

ئەوی دیکە بەساردییەوە وەڵامی دایەوەو وتی: ئەمەیە کەدەیبینم سەڕەڕای ئەوەی کە دەبینم ئێوە تەنها لایەکی چاکەتەکەیتان بەدەست هێناوە.

هــۆڵمز:-ســـێ پیـــاو چـــاوەڕوانی ئەون لەلای دەرگـــاکە خەمت نەبێ.

ــ بەڕاســت؟!!! دیــارە تۆ هەمــوو شــتێکت بەتەواوی ئەنجــام داوە ، دەبێ پیرۆزباییت لێبکەم لەسەر ئەوە.



هــۆڵمز:-منـــیش دەبێـــت پێرۆزباییـــت لێـــبکەم چـــونکە بیـــرۆکەی دەســـتەی قـــژ ســـوورەکان بەتەواوی نوێـــو جیاوازبوو.

جۆنز:-هەر ئێستا دووبارە هاوبەشەکەت دەبینیەوە.

زینـــدانەکەمان وتـــی:-کاتێـــک دەچیـــنە ســـەرەوە هیـــوادارم دەســـتە پیســـەکانت لەمـــن نەدەی، لەوانەیە ئەوە نەزانـــن کە خـــــوێنی کەســـــانێکی بەڕێـــــزو نـــــاودار لەجەســـــتەمدا هاتوچۆدەکـــات، بـــۆیە تکـــایە بەخشـــندەیی بنوێنـــو هەمیشـــە بە(گەورەم)بە (تکایە) قسەم لەگەڵدا بکەن.

جـــۆنز بەسەرســـوڕماوییەوە ســـەیری دەکـــرد، پێکەنینێکـــی بێـــدەنگی کـــردو وتـــی:-باشـــە ، تکـــایە گەورەم بـــابڕۆینە نهـــۆمی ســـــەرەوەو گالیســـــکەیەک بەکـــرێ بگرینـــــو ئەم هەموو فەخامەتییەت ببەینە بنکەی پۆلیس .

جۆن کلای:- ئەمە باشترە.

دواتـــــر هەمووم ـــــان ســـــەرمان بـــــۆیەک دانەوانـــــدوو پاســـــــــەوانەکان زۆر بێـــــــــدەنگبوون. ئـــــــێمە لەدوای بەرێـــوبەرەکە بـــووین لەژێـــر زەمیـــنەکە ، کەدەرۆشـــتین وتـــی:-بەراســـتی بەرێـــز هـــۆڵمز ، نـــازانم بانـــک چـــۆن دەبێـــت سوپاســـت بکـــات، تـــۆ یەکێـــک لەو دزیـــیە گەورانەی شـــارت پوچەڵکردۆتەوە.

هـــۆڵمز:-حســـابی خـــۆمم هەبـــوو لەگەڵ جـــۆن کـــلای ئەبـــوایە یەکـــلای بـــکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا چەنـــد پـــارەیەکم لەســـەر ئەم مەســـــەلەیە خەرج کـــــردووە هیـــــوادارم بانـــــک بـــــۆمی بگەڕێنێـــتەوە، بـــێجگە لەوەش ئەم کەیســـە تەواو جیـــاوازبوو بـــۆیە چـــاوەڕێی پاداشـــتێکی تـــایبەت دەکەم ، ســـەرەڕای ئەوەش ئەم کەیسە سەرنجی خۆمی زور ڕاکێشابوو.

****

کاتێـــک لەشـــەقامی بەیـــکەر دانیشـــتبووین بـــۆئەوەی قـــاوەیەک بخـــۆین شـــێرلۆک هەمـــوو شـــتێکی بـــۆ ڕوون کـــردمەوەو وتـــی:-ئەبینـــی واطسـۆن؟ بەراســـتی لەســـەرەتادا ڕوون بـــوو کەبـــۆچی هەلـــی کاریـــان ڕاگەیانـــد ، تەنهـــا بـــۆئەوە بـــوو کە

بەڕێـــــز ویڵســـــۆن ڕۆژانە بۆچەنـــــد کاتژمێرێـــــک دووربـــخەنەوە، تەنـــانەت پێشـــنیارێکی باشـــیان کـــردووە ئەبێت بیـرۆکەکەی لەڕەنگــی قـژی بەڕێـز ویڵسـۆن بۆجـۆن کـــلای هاتبێـــت، بـــڕی چـــوار جـــونیەیەکەش تەنهـــا بۆڕاکێشـــانی ســـەرنجی بەڕێـــز ویڵســـۆن بـــووە، لەگەڵ ئەوەی ئەوبـــڕە جـــونیەیە هـــیچ نییەلەچـــاو کەســـێک کەبەدوای هەزاران جونیە بێت.

بەم شـــێوەیە کارەکەیـــان ڕاگەیانـــد، کاتێـــک یەکێـــک لەقۆڵبڕەکـــان نوســـینگەیەکی کـــاتی بەکـــرێ گرتبـــوو ، یەکێکـــیش بەدوای پیاوێـــک دەگەڕا کەگونجـــاو بێـــت بۆکـارەکە، پـێکەوە توانیویـانە گرەنتـی ئەوەبـکەن کەبـوونی نابێـت لەبەیانیانـدا، ئەوەم ئەوکـاتە بـۆڕوون بـوەوە کە وتـی یاریـدەدەرەکام بەنیـوەی کـرێ ڕازیـیە، ئەمەش بەدڵنیـاییەوە ئەبێت پاڵنەرێکی بەهێزی هەبێت.

ـــ بەڵام چـۆن توانیـت پێشـبینی ئەو پـاڵنەرە بەهێـزە بکەیت؟

ـــ کـــاری پیـــاوەکە بچـــووک بـــوەو لەمـــاڵەوەنەبووە، ئامادەکـــارییەکی وردیـــان کـــردووە بـــۆئەوەی کارەکانیـــان بەباشـــی بەڕێـــوە بـــبەن، بەڵام ئەکرێـــت چـــی بێـــت؟ بیـــر لەکارەکانی یاریدەدەرەکە کردەوە لەژێر زەمینەکە

ـ ژێر زەمینەکە!!

ـــ بەڵـــێ لەژێـــر زەمیـــنەکە، وەلێـــرەدا ئەم مەتەڵە ســـەیرە چارەسەر بوو.

دواتـــر لێکـــۆڵینەوەم کـــرد لەســـەر ئەو یاریـــدەدەرەو زانـــیم یەکیکە لەتاوانبارە گەورەکان لەلەندەن .

ئەو لەژێـــر زەمیـــنەکە کـــارێکی دەکـــرد، چـــی بێـــت؟ نەمـدەتوانی بیـر لەهـیچ شـتێک بـکەمەوە جـگەلەوەی بیـر لەوە بـکەمەوە کەئەو خەریکـی چـاڵ هەڵکەنـدنە بـۆئەوەی بگـا بەبینـایەکەی دیـکە، ئەوە کۆتـا پێشـبینیم بـوو، کەبـۆم

دەرکەوت کاتێــک ســەردانی شــوێنی ڕووداوەکەمــان کــرد. ســـەرنجی تـــۆم ڕاکێشـــا کاتێـــک بەگۆچـــانەکەم کێشـــام بەزەویـدا ، ئەوکـاتە خـۆم دڵنیـا کـردەوە ئـاخۆ ژێـرزەمینەکە لەبەردەم باڵەخـــانەکەیە یـــاخود لەدواوەیە، بـــۆم دەرکەوت لەپێشـــەوە نیـیە، دواتـــر دام لەزەنـــگەکە وەکـــو ئەوەی هیـــوام بۆدەخواســـت یاریـــدەدەرەکە کـــردییەوە، ســـەرەڕای ئەوەی پێشـــتر بەیەکـــدا کەوتـــوین بەڵام تائێســـتا ڕوبەڕوو یەکـــدیمان نەبینیــوە، منــیش تۆزێــک ڕووخســاریم بینیــوە ، ئەمویســت ســەرچۆکی پــانتۆڵەکەی ببیـنم وەکــو ئەوەی کەتێبینــیم کــرد و تـــۆش بینیـــت کەچەنـــدە پیســـو کونـــو ڕووشـــاوبوو، بەڵگەیکــی ڕوون بــوو لەســەر ئەوەی کەچــاڵ هەڵــدەکەنێت ، بەڵام یەک خــاڵ مــابوو ئەوەی کەئەم چــاڵە بــۆ کــویێ دەڕواتـــو مەبەســـتیان چ شـــوێنێکە؟ ئەم چـــاڵە لەکـــویێ دەســـتیان کـــردووە بەهەڵ کردنـــی ؟ بـــۆئەم شوێنەشـــیان هەڵبژاردووە؟

کاتێـــک ئـــاوڕم دایەوە لەشـــەقامەکە لقێکـــی بـــانکم بینـــی لەوەوە بۆم دەرکەوت کە کێشەکەم چارەسەرکردووە.

بەم شـــێوەیە کاتێـــک گەڕایـــتەوە بـــۆ مـــاڵەوە، ســـەردانی کـــارگێڕی ســـکۆتلندیارد و کـــارگێڕی بـــانکم کـــرد ئەوەم بۆڕوون کردنەوە کەبۆم دەرکەوتوە.

ـــ چـــۆن زانیـــت کەئەوان هەوڵـــی دزیکـــردنکە ئەمشـــەو دەیکەن؟

ـــ باشــە ، کاتێــک ئەوان بــنکەی دەســتەی قــژ ســوورەکانیان داخســـت ئەمەش ئامـــاژە بـــوو بـــۆئەوەی کەئەوان چیتـــر پێویســـتیان بەبەڕێـــز جـــابز ویڵســـۆن نەماوە،بەمانـــایەکی دیــکە ئەوان لەچــاڵ هەڵکەنــدنەکە تەواوبــون، زەرور بــوو کەبەخێرایـــی کارەکەیـــان بـــکەن لەترســـی ئەوەی نەوەک ئاڵتونەکە بگوازرێتەوە.

وەڕۆژی شـــەمەش باشـــترین ڕۆژ بـــوو بـــۆئەوەی ئەوکـــارە بـــکەن چـــونکە دووڕۆژیـــان لەبەردەســـتدا بـــوو بـــۆئەوەی

ڕابکەن، چونکە من وتم بەڕێز **ویلسۆن**، هیوادارم ڕۆژی دووشەم بگەمە ئەنجامێکو هەواڵت بۆدەگەڕێنمەوە.

لەبەر ئەم هۆکارانە پێشبینی ئەوەم کرد کەئەمشەو دەست دەکەن بەکارەکەیان .

بەسەرسامییەوە وتم :- لێکۆڵینەوەکی ناوازەت ئەنجام داوە، سەرەڕای ئەوەی کە زنجیرەیەکی درێژ بوو بەڵام لەکۆتایدا ئەڵقەکە خرایەشوێنی خۆی.

ـ لەبێزاربوون ڕزگاری کردم .


بەدرێژایی ژیانم هەوڵدەدەم کەخۆم لەڕۆتینی ژیان ڕزگار بکەم بۆیە ئەم کەیسە بچوکانە یارمەتی ئەوەم دەدەن.

ـ هەروەک چۆن کاری باش دەکەی بۆمرۆڤایەتی .

شانی هەڵتاکاندو وتی:- باشە ئەکرێت ئەمە سەرەڕای هەموو شتێک سوودێکی هەبێت ، هەروەک چۆن **گوستاف فلوبرت** دەڵێت**(( مرۆڤ هیچ شتێک ناکات ، کارەکان هەموو شتێک دەکەن)).**

{ گوستاف فلوبرت ، ڕۆمان نوسێکی فەرەنسیە لە١٢-١٢-١٨٢١ لە روانی فەرەنسا لەدایک بووە وانەی یاسای وتۆتەوەو یەکەم بەرهەمی بەناوبانگی ناوی( پەروەردەی بەسۆز بووە) ، لە ٨-٥-١٨٨٠ کۆچی دوای کردووە}.

******




# کتێبخانەی ( PDF )

Public group · **88K** Members